# جێهێشتنی نیشتمان لەپێناو کۆمەڵێك وەسوەسەی خەوندا نەبووە

**ئا: ئیدریس عەلی... لە ئالآی ئازادی یەوە**

زۆرێك لە ئەدیبو نووسەرانی کورد سەری غوربەتیان هەڵگرتو نیشتمان بەجێهێشت.. ئەوان بەدوای قومێك ئاوی پاكو بارانێك ئاسودەییدا رۆشتن.. رۆشتن هەتا لە دوورەوە چاوی نیشتمان كاڵتر ببینن.. بۆ ئەوەی شەوێك یادەوەریەكان شیرینتر برژێتە خەونەكانیانەوە.
زۆرێكیان كە رۆشتن تەنهایيو غوربەتیان كردە كەرەستەیەكی داهێناو ئەدەبيو كۆمەڵێك تێكستی جوانیان بەرهەمهێنا، زۆریشیان قەڵەمەكانیان بە بێدەنگی سپاردوو ئیدی وەك چرایەك لەژێر تۆفانی غوربەتو رەهێڵەی زیندەگی سەختدا خامۆش بوون..كازیوە لەو ئەدیبو نووسەرانەیە كە هێشتا لە دوورەوە دوور لە چاوی كزی نیشتمان بێدەنگ دەگرێت، لەو قەڵەمانەیە خامۆش نابیٚو هێشتا پڕە لە وتنو جوانی ئەدەب، ئەگەرچی لەم ماوەی ژیانی غوربەتدا كۆمەڵێك چیرۆكی تازەی نووسیوە بەلام وەك خۆی دەڵێت كەمترینیانی بلاو كردۆتەوەو زیاتر خۆی بۆ خوێندنەوەو لێكۆڵینەوە لەمەڕ بابەتی قیمینستی تەرخان كردووە.. لەرێی ئیمەیلەوە بە پێویستم زانی ئەم قەڵەمە مێینەی نیشتمان بێنمە دوان، سەرەتا لێمپرسی:

- **بۆچی رۆیشتیو نیشتمانت بەجێهێشت.. ؟**
- نیشتمانێك  بۆنی غەریبی لێ بێت , زاكیرەی ئینتما بوونی بۆ شتە دروست و جوانەكان بە تەواوی كاڵ بووبێتەوە , لە هەگبەیدا تەنها جێگەی لە باربردنی خەون و خۆزگە بێت , چاوەڕوانی چی دەكات لە رۆڵەكانی جگە لە كۆچ كردن و سەرهەلگرتن , وەكو ئەوەی بە سەر نیشتمانی ئێمە هاتووە .

- **سەفەر بەچیی گەیاندیت.. ئایا خەونەكانتی لەبار برد یاخود هێنایە بوون؟**
- بەری خەون لە و شوێنەدا دەچنرێتەوە كە تێدا تۆوی خەونت چاندووە , هەندێكمان لەوانەی مەنفامان كردوە بە ئارامگە , هێندە بە سەختی ئالوودەی نیشتمان بووین , هێشتا نەمانتوانیوە تیماری برینەكانی خۆمان بكەین و رۆژانە تۆماری غەریبی خۆمان نەنووسینەوە . تا بتوانین ئەو شوێنە نوییە بە زەوییەكی بە پیت بزانین بۆ چاندنی تۆوی خەون .

- **٭ ئایا راستە مرۆڤ لە غوربەتدا منالّ دەبێتەوە.. تۆ چۆن گوزارشت لەیادەوەریەكانت دەكەیت؟**

+ بەڵێ راستە , لە ڕووی  ژیانی پراكتیكیەوە جاریەكی دی  بە هەموو قۆناغەكانی منالّیدا دەچیتەوە , بەلّام منالّێكی گەورەی پڕ لە غەمی غوربەت , لە روی رۆحیشەوە پێم وایە جگە لە منالّبوونەوە هەلگری جۆرێك لە چەمكی شێتیشە , ئەو شێتی و منالّیە

, هاوكیشەی ڕۆح بە سەر عەقڵدا زاڵ دەكات , چ چەمكیەك ئەوە پەسەند دەكات جگە لە شێتی و مناڵی , مرۆڤێك هەمیشە ژیانی خۆی خستبێتە مەترسی و نائارامیەوە بۆ ئەوەی دیلی هیچ شتێك نەبێت لە ئاین و كۆمەڵ و دەسەلات و هەموو بەند و باوەكانی دی , هەموو ئەو فاكتەرانە دەكوژێت كە زەلیل و سەر نەوی خۆی دەكات , و هەمیشە 80٪ ی بۆ عەقڵ لە ژیاندا داناوە و 20٪ بۆ سۆز , ڕۆح . بەڵام ئەو 20٪ ە زاڵ دەبێت بە سەر 80٪ و لە دووری هەزاران كیلۆمەترەوە دیل و زەلیلی نیشتمانت دەكات . لە كۆنترین كۆڵانەكانی عەدەمەوە سروەیەك هەلگری هەواڵی نیشتمانی تۆ , هاوزمان و هاونیشتمان تۆ بێت , بە بێ پرس و پاسپۆرت دەبێت بە شوناسی غەم و خۆشی تۆ , ئەمە شێتیە شێتی .

- بەنیاز نیت بێیتەوە بۆ نیشتمان.. ئەگەر هاتیتەوە پرۆژەی كاركردنت چیی دەبێت؟
- + جێهێشتنی نیشتمان لە پێناوی چەپكێ وەسوەسەی خەوندا نەبووە , من بە خواستی خۆم نیشتمانم بە جێ نەهێشت تا خواستی گەڕانەوەی ئەزبەر بكەم . نیازی گەڕانەوەی یەكجاریم نیە , تا ئەو نیازەش گەلاڵە نەبێت , پێ ناچێت هیچ پرۆژەیەكی كاركردنیش گەلاڵە نابێت .
  - ئێستا سەرقاڵی چییت.. لەگەڵ نووسینی چیرۆكدا بەینت چۆنە؟
- جگە لە خوێندن و كاركردن , هەندێ جار كە كاتم بۆ دەڕەخسێت ,خەریكی نووسینم لەو كتیبانەی لە بەردەستمدایەو تەواو م نەكردوون , ماوەیەكی درێژە زیاتر سەرقاڵی لێكۆڵینەوەم و مەودایەكی باش كەوتوتە نیوان پێنووسەكەم و چیرۆك نووسین , تەنها چەند چیرۆكیكم نووسیوە , هێشتا بلاوم نەكردوونەتەوە .

- تاچەند ئاگاداری نێوەندی ئەدەبیو ڕۆشنبیری كوردستانیت.. بەتایبەت ئێستا كۆمەڵێك دەنگی نوێ لە نێوەندەكەدا دەبیسترێت؟
- تەنها ئەو دەنگە نوێیانە دەناسم كە پەیوەندییان پێوە كردووم و خۆیان پێناساندووم , هەندێك ناوی نویەش لە ماڵپەڕەكانەوە دەبینم . بە داخەوە ئاگام لەوانی دی نیە , خوازیارم دەنگ و ڕەنگی مێینەیان زۆر تێدا بێت .